# بەراوردێك لە نێوان
# دادگایی سەدام حسێن و کەمال سەید قادر دا

سامان ئەحمەد
samanahmadk@yahoo.com

لەم دوو هەفتەیەدا لەئاستی عێراقدا دادگایی کردنی ئاشکرای حەوتەمی سەدام حسێنی دکتاتۆر، لەکوردستانیشدا دادگایی کردنی ژێربەژێری نووسەرێکی ڕەخنەگر لەدەسەلاتی پارتی بەناوی د.کەمال سەید قادر بەڕێوەچوو. بەلام ئەوەی جێی سەرنجە هەردوو ئەم دوو دادگایی کردنە لەکاتێکدایە دەسەلاتدارانی عێراق بە تایبەتی لە کوردستان دیموکراسی و مافی مرۆڤەکەیان هێندە تۆخ کردووەتەوە خەلکی کوردستانیان پێ قەرزبار کردووە.

سەرەڕای ناشەرعی دادگایی کردنی سەدام لەلایەن حکومەتی دروستکراوی ئەمریکاوە و ئامانجی سیاسی ئەوان لەم دادگایی کردنە، ئەگەر ئینسان بە ئینسافەوە لەگۆشەنیگای ئەم دادگایەوە بڕوانێتە مۆدیلی دیوکراسی و مافی مرۆڤی ئەمریکا و حکومەتی عێراق بەوەی کە سەدامی دکتاتۆر و پیاوەکانی ئازادانە لەدادگایەکی ئاشکرای تەلەفزیۆنی دا بەرگری لەخۆی و حزب و دەسەلاتەکەی دەکرد و دادوەری گشتی و دادگاکەیان خستبووە ژێر فشاری خۆیانەوە، تووشی تەوەهومێك دەبێ بەوەی کە ئەم دیموکراسی و مافی مرۆڤەیان بە ئالوگۆڕێکی ئیجابی لەقەلەم بدات.

بەلام هەر لەلایەن هەمان حکومەت و دەسەلاتدارانی عێراق و کوردستانەوە کە لە شاشەکانی تەلەفزیۆنەوە دیوکراسی و مافی مرۆڤ بۆ سەدام و پیاوەکانی قایلن هاوکات دوور لە شاشەکانی تەلەفزیۆن و دەزگاکانی ڕاگەیاندن و دوور لەهەر چەشنە بڕیار و بەلگەو پرەنسیپێکی قانونی نەیارانی خۆیان دەڕفێنن و دەگرن، دڕندەترین ئازار و ئەشکەنجەو هەلسوکەوت و حوکمی قەرقوشیانەی ناقانونیان بەسەردا دەدەن.

سەرەڕای وەحشیگەریەکانی زیندانە نهێنیەکانی وەزارەتی ناوخۆی عێراق کە نەك لەگەل هیچ پرەنسیپێکی قانونی دا نایەتەوە بەلکو بۆ خۆی زیندوو کردنەوەی سیستەمێکی دکتاتۆری و پیادەکردنی ڕەوەندی هەمان قەتلوعامی ڕژێمی بەعسە.

هاوکات ڕفاندنی د. کەمال سەید قادر لە هەولێر و بێ سەرو شوێن کردنی نەك کارێکی ناقانونی یە بەلکو بۆ خۆی ڕفاندن و بێ سەرو شوێن کردن جەریمەیەکە و دەسەلاتی ناقانونی و سەرکوتگەری دەزگای پاراستنی پارتی نیشان دەدات. کە بە توندی لە ئاستێکی فراواندا ڕیسواکرا و هەتا سەرەنجام ناچاربوون چارەنووسی ئەم ئینسانە ئاشکرا بکەن. لەوەش خراپتر لەجیاتی ئەوەی ئاسایش و پۆلیس و دادگای حکومەتی هەولێر ( ئەگەر بایی نوکە دەرزیەك سەربەخۆیی و بەهای قانونیان هەبوایە) ئەو دەزگا و کەسانە دادگایی بکات کە د. کەمالیان ڕفاند، بەلام بە پێچەوانەوە پارتی و دەزگای پاراستن سیناریۆیەکیان بەو دادگایە بۆ دادگایی کردنی د.کەمال سازدا. کە نەك کەس نەیزانی بە چ قانونێك و لەلایەن کێ و چۆن دادگایی کرا و چەند بواری بەرگری کردن لەخۆی پێدرا بە ٣٠ سال زیندانی د. کەمالی ڕفێنراویان حوکم دا بە بیانووی ئەوەی ئیتهام و تەشهیری بەمەسعود بارزانی کردووە!

کەسێك بە دیدێکی ئۆبجێکتیڤانە بڕوانێتە ئەم دوو دادگایی کردنەو  ئەو کار و کردەوانەی ڕۆژانە حکومەتەکانی بەغدا و کوردستان لەبەرامبەر نەیارانی خۆیان  و خەڵکی ناڕازیدا، ئەوەی بۆ ڕۆشن دەبێتەوە کە دیموکراسی و مافی مرۆڤی حکومەتەکانی عێراق و  کوردستان بەتەواوی مانای ووشەکە پووچ و بێ مانایە. خێرو بەرەکەتی دیوکراسی و مافی مرۆڤەکەیان تەنها بۆ دابەش کردنی کورسی و دەسەڵاتی حزبەکانی خۆیان و هاوکات شمولی دەسەڵاتدارانی ڕابردووی عێراقیش دەکات بۆ ئەوەی ڕووی دیموکراسی درۆزنانەی خۆیانی پێ نیشان بدەن و مامەڵەی سیاسی لەسەر بکەن.  بەڵام  دیموکراسی و مافی مرۆڤەکەیان بۆ خەڵکی سادە، خەڵکی ناڕازی و ئازادیخواز و نەیارانی خۆیان  جگە لە سەرکوت و تۆقاندن و ڕفاندن و گرتن و ئازار و ئەشکەنجە و کوشتن و حوکمدانی قەرەقوشیانە هیچی تر نی یە.

بەدەرلەوەی لایەنگری کردن لەدادگایەکی عادیلانەی هەرکەسێك بەهەر تاوانێکەوە دادگایی بکرێت مەبدەئێکی ئینسانیە. بەڵام  ئەوەی جێی سەرنجە کە پارتی و ئاڵاهەڵگری ئاڵای کوردایەتی بەچارەکی تاوانبارێکی وەکو سەدامی ئەنفالچی ماف بە کەسێکی کورد زمان قایل نی یە کە ڕەخنەگر و نەیاری دەسەڵاتی حزبەکەی بێت. لەولاشەوە شانسی سەدام حسێنی ئەنفالچی تاڵەبانیش مەبدەئو ویژدانی مافی مرۆڤ و دادپەروەریەکەی دەبزوێ و ڕایگەیاند کە لایەنگری لە سێدارەدانی سەدام نیە، بەڵام بۆ نەگبەتی د.کەمالی کورد زمان لەو کاتەوەی ڕفێنراوە مەبدەئی مافی مرۆڤ و دادپەروەریەکەی تاڵەبانی کوردپەروەر و حزبەکەی خەوی لێ کەوتووە و خەبەری نابێتەوە و نقەیان لە خۆیان بڕیوە.

لەوەش سەیر تر ئەوەیە هەروەکو لێرەو لەوێ نوێنەرانی پارتی دەیدەن بەگوێی خەڵکدا پێ دەچێ پارتی بەهەمان قانونی ڕژێمی سەدامی دکتاتۆر حوکمی بەسەر د.کەمالدا دابێت بەوەی کە: ( هەرکەس جنێو و تەشهیر بە سەرۆکی فەرماندە سەدام حسێن خوا بیپارێزێت و دەست بە باڵیەوە بگرێت، ئەوەندە ....  ساڵ زیندانی دەکرێت، یان بە.... سزا دەدرێت )، پێ دەچێ تەنها ئاڵوگۆڕێك کە لە جێ بەجێ کردنی ئەم قانوونەدا  کراوە ئەوە بێت کە ناوی سەدام حسێن لابراوە و ناوی مەسعود بارزانی خراوەتە جێگای !!

هەربۆیە دادگایی کردنی د.کەمال بە ئاستی ڕفاندنەکەی کردەوەیەکی ناقانونی و نائینسانی یە و هیچ شەرعیەتێکی نی یە.  د.کەمال هەتا ئەمڕۆ وەکو نووسەرێکی نەیاری پارتی لەسەر نووسینەکانی بە شێوەیەکی ناقانونی لە زیندانەکانی پارتیدا دەست بەسەرکراوە.  ڕفاندن و دادگایی کردنی ناشەرعی د.کەمال جگە لە سەرکوت و پێشێلکردنی ئازادی سیاسی لە کوردستان هیچ مانایەکی تری نی یە.

دکتۆر کەمال دەبێ دەست بەجێ ئازاد بکرێت و قەرەبووی زیانە مەعنەوی و مادیەکانی بدرێتەوە. کۆبوونەوەی خەڵك و هەرکەسێکی ئازادیخواز و ئینسان دۆستی کوردستان لەدەوری ئەم داخوازیە زامنی ئازادکردنی ئازادی پێشێلکراوی خەڵکە لە کوردستان دا.

2005/12/24